سودانی ڕاگەیاندنیدا بڕیاری دەرچوونی دەرماڵە بەسەر بریندارانی هێزی ئەمنییەکاندا

ئەمڕۆ دووشەممە، محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکوەزیرانی عێراق سەردانی بارەگای دەستەی خانەنشینی نیشتمانی کرد و 4 ڕێنمایی دەرکرد.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی ئاژانسی موتەع کەوتووە بەاویکردنەوە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، سەردانی بارەگای دەستەی خانەنشینی نیشتمانی دەکات و فەرمانی جێبەجێ کردنی ئەمانەی خوارەوەی کرد :

سەرۆک وەزیران ڕێنوێنیدا بە دەستپێکردنی پێنجەمین وەجبەی مووچەی خانەنشینی بە کارمەندانی سوپای پێشووی عێراق، پێش جێژنی ڕەمەزان و تەواوکردنی وەجبەی شەشەم دوای وەجبەی پێنجەم، بە ئەوەی ئەو دەسپێکە بەیەکجاری دابخرێت هەروەها خەرجکردنی دەرماڵە بەسەر بریندارانی هێزی ئەمنییەکاندا.

سودانی ڕێنمایشیدا پێکهێنانی لیژنەیەک بە ژماردنی ئەو دیلانەی کە ماونەتەوە لە شەڕی ساڵی 1991 بە تەواوکردنی ڕەکارەکانی خانەنشینکردنیان.

ئاماژەیشیدا بە ناردنی لیژنەیەک لە دەستەی خانەنشینی و دەزگای شەهیدانەوە بە ئەنبار بە

یەکلاییکردنەوەی دەسیەی خانەنشینانی قوربانیانی تیرەر لەپارەزگای ئەنبار، پاش وردبینی کردن و دابەشکردنی دەرماڵەی ئەو خانەنشینانەی قوربانیانی تیرەر کە لە پرەسەی وردبینی دەرچوون لەپارەزگاکە، هاوشوەی پارەزگاکانی تر.